# دایكم

## (شاژنە كەوتووەكە و كوڕە هەرزەكارەكانی)

**د. كامەران محەمەد**

دایكم – كە ڕۆژانێک درەوشاوەترین شاژنی جیهان بوو – لە خۆر پرشنگدارتر و لە مانگی چواردە گەشـــــاوەتر بوو، جوانییەكەی بێ هـاوتـا بوو، ســــنگێكی فراوان و هەواڵی میهرەبـانی و بەخشندەییەكەی تەواوی گۆشـەكانی جیهانی داگیركردبوو. لە سایە و سێبەرەكەیدا شوێن بۆ هەمووان هەبوو، برسییەكانی تێر دەكرد و ڕووتەكانی پۆشتە دەكردەوە. گۆرانیی دەچڕی و موزیكی لێدەدا و بە بای شـەماڵدا بڵاوی دەكردەوە، هاوكات هەموو جۆرە پۆشـاک و ڕاخەرێكی دەچنی، بەشێوەیەک ژنانی جیهانی فێری خودی (هونەر)ی ژیان دەكرد. گەنجینەكەی كە بەوپەڕی وریاییەوە شـاردبوویەوە، تەنها سامان نەبوو، بەڵكو گەنجینەیەكی پڕ لە (زانین، شانازی، شكۆ) بوو، كە بە درێژایی سەدەكان نەوەكان بۆ یەكترییان گواستبووەوە.

بەڵام دواتر، مەرگەسـات هات- نەک لە بێگانەكانەوە، بەڵكو لە گۆشـت و خوێنی خۆیەوە. ئەو كوڕانەی كە خستبوونییەوە، لە باوەشـی گەرم و بە ئەوینەوە شیری پێدابوون، دەستیان كرد بە خواردن و هەڵلوشینی خودی دایكیان. دڵەكانیان كە بە چاوچنۆكی ڕەش ببوون و لە ئاست ناڵاندنەكانی دایكیاندا كەڕببوون. ڕۆحیان ئازاردا، ئەو گەنجینەیەی كە بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە پاســـەوانیی دەكرد، دزییان و فڕێیاندایە بەر پێی دوژمنەكانی دایكیانەوە، واتە ئەوانەی كە لە مێژە هەوڵیان دەدا بە كەوتوویی ببینن. ئەوان شـەیدای ئەو زێڕە نەبوون، كە ئارەزووییان دەكرد! بەڵكو ئەوان دەیانویست ئەو ژنە بڕوخێت و بەسەرشۆڕیی لەبەردەمیاندا چۆک دابدا، ئەو كارەشیان بە كوڕە هەرزەكارەكانی خۆی ئەنجامدا.

لەگەڵ دزرانی هەر پارچە گەنجینەیەكدا، زیاتر شكۆی دەشكێنرا. دەستە بەهێزەكانی دەكەوتنە لەرزین، دەنگە پڕ ســۆز و ئاوازەكەی- كە ڕۆژگارێک لێوان لێو بوو لە ژیان – هیواش هێواش كز و بێدەنگ دەبوو. برا هەرزەكارەكان ڕۆڵەكانی دیكەی دایكیان بێدەنگ كرد، واتە ئەوانەی كە هێشـــتا باوەڕیان بە پاكی جیهان مابوو. بەوەشـــەوە نەوەســـتان، برســـییان كردن، دەنگیان دزیین، ئاییندەیان لە بەرزترین زیادكردن (مزایەدە) دا فرۆشـــتن. كاتێكیش ئەو چەند كەســـەی كە مابوونەوە و بوێریی ئەوەیان كرد، كە قسە بكەن، هەرزەكارەكان زمانیان بڕین و دڵیان لەت لەت كردن.

بەڵام تاوانە گەورە و قێزەونەكە لە شـەودا ئەنجام درا. شـەو لە دوای شـەو ئەم كوڕانە – ئەم بەدبەختە خیانەتكارانە – كێبڕكێیان لەگەڵ یەكتردا دەكرد، بۆ ئەوەی دوژمنەكانی دایكیان بهێننە ناو جێگاكەیەوە! بە زۆر دەیاخستە باوەشـی ئەو كەسانەی كە جگە لە شـەرەف شـكاندن و سـەرشۆڕكردنی دایكیان هیچی دیكەیان بۆ نەدەویســت. بەزۆر ناچاریان دەكرد لەگەڵیاندا پاڵ بكەوێت، شـــەو لە دوای شەو، شكۆی زیاتر دەشكێنرا، ڕۆحیشیان هەپروون بە هەپروون كردبوو.

ئـایا خیـانەتێكی قێزەون تر هەیە؟ ئەو دەســـتـانەی كە ڕۆژگـارێـک لە ئـامێزیـان گرتبوون و خۆراكیـان پێدەدان، ئێســـتـا نـاچـاریـان دەكەن، نـان و شـــەرەفی خۆی بەو دوژمنە بدات، كە جگە لەســەرشـۆڕیی و لەناوبردن بە شـتێكی تر ڕازیی نابێت؟ ئەمە خیانەتێكە بە پلەی باڵا! واتە خیانەتێكە بەهەموو پێوەرە ئاینیی و بەهایی و یاساییەكان!

لە مێژوودا ئەم جۆرە مەرگەســـاتانە دەگمەن نین. بیر لە ئیمپراتۆریێتی ڕۆمانی بکەرەوە، ئەو ژیارە بەهێزەی کە نەک بەهۆی هەڕەشـــەی دەرەکییەوە، بەڵکو لە ناوەوە ڕووخا. ئیمپراتۆرەکان کە ئالوودەی شـــەهوەتی دەســـەڵات و ســـامان بوون و خاکی ڕۆمایان وەک گۆشـتی خێر دابەشـکرد و بۆ خۆیان برد، بۆیە جگە لە خۆڵەمێش شتێکی تر نەما. یان سەیری کەوتنی قوستەنتینیە بکەن، لە کۆتاییدا براکان و فەرمانڕەواکان وڵاتی خۆیان فرۆشـت، ڕێگەیان بە دوژمندا بە ڕێپێوان بێتە ناوەوە، لەکاتێکدا ئەوان ســـەرقاڵی ژماردنی پارەکانیان بوون. وەک یۆریپیدس وتی: (کاتێک مرۆڤ نیشـــتمانی خۆی دەفرۆشێت، چی دەمێنێتەوە بۆ وێرانکردن؟)

ئەمە تەنها چیرۆکی دایکێک و کوڕەکانی نییە. بەڵکو چیرۆکی (گەلان و شـــانشـــین و ژیارەکان)ە، کە لەلایەن کوڕەکانیانەوە فرۆشـــراون. دایکم وەک زۆر نەتەوەی پێش خۆی، نەک بە شمشێری دوژمنەکان، بەڵکو بە خیانەتی منداڵەکانی خۆی کەوت. ئەو شوێنەوارانەی هەڵیگرتوون، لە پێســـت و قووڵایی ڕۆح و یادەوەرییدا چەســـپاون. جیهانیش؟ چاوی کوێر دەکات و لەبیری دەکات، کە خیانەتێکی لەم شێوەیە لە هەموویان کوشندەترە.

لە کۆتاییدا گەنجینەکە نەما و غرورەکەی دزرا و سەدا بەرزەکەی بێدەنگ کرا. ئەوەی مایەوە تەنها توێکڵێکی ئەو ژنەیە، کە ڕۆژێک دایکێکی مەزن و شاژنی مەملەکەت بوو، ئەوەش نیشانەی ئەو ڕێگە چەوتەیە کە چاوچنۆکیی و دەســـەڵاتخوازیی و گەندەڵیی دەتوانێت تەنانەت جوانترین ژنیش بۆ یادەوەرییەکی تراژیدی بگۆڕێت.

(٢٠٢٤-١٠-١)